وەزارەتی دارایی عێراق خەرجکردنی مووچەی مانگی شوبات ڕادەگەیەنێت

وەزارەتی دارایی، ئەمڕۆ سەشەممە، خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران و هەژە ئەمنیەکانی بۆ مانگی شوبات ڕاگەیاند.

وەزارەت لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:- کە فەرمانگەی ژمێریاری لەوەزارەتی دارایی کەکارەکانی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی مانگی شوباتی دەستپێکردووە ، داواشی لە یەکەکانی خەرجکردن کردووە لەوەزارەتەکان ووپارێزگاکان بۆ سەردانیکردنی فەرمانگەی ژمێریاری وەزارەت بۆ ئەنجامدانی کەکارەکان.

هەروەها وەزارەت داوای لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن کرد کە هەواڵی نادروست بڵاونەکەنەوەو بەرپرسیارەتی لە پەخشکردنی هەواڵەکاندا لەئەستۆبگرن بەتایبەتی لە باوکردنەوەی هەواڵی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران.